https://doi.org/10.26682/chjuod.2021.24.1.3

گوڤارا زانكویا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 34-48، 2021 (ژمارەكا تایبەت)

كونفرانسێ زانستی یێ نیڤدەولەتی یێ دووێ، پشكا مێژوو–كولیژا زانستێن مروڤایەتی–زانكویا دهوك–رێكەفتی 24-25 شوبات، 2021

# نوسینەوەی مێژووی کورد لە ئێران
# لە نێوان سیکوچکەی وەبیرهینانەوە، لەبیر بردنەوە و داهێنان
## (ئاوڕدانەوەیەکی شیکاری ڕەخنەگرانە لە کتێبی کرد و کردستان-ی ڕەشید یاسمی)

ئازاد حاجی ئاغایی*

فاکولتیا رامیاری، زانکویا ئازادی/تەهران-ایران

*((مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤکرنێ: 23 شوبات، 2021))*

## پوختە

**ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکە بە کەڵکوەرگرتن لە دیرۆک و سەرچاوە کولتورییەکانەوە، لەڕێگای خوڵقاندنی ئیماژی نەتەوەیێکی خەیاڵکرد لە سەرووی چین و توێژ و ئەتنیکە جیاوازەکانەوە، لەناو سنورێکی گرێبەستکراودا لە هەوڵی دامەزرانی نەتەوە-دەوڵەت و سەپاندنی سەروەری سیاسیە. ئەم ئایدۆلۆژیایە، مێژووی نەتەوە، سەیر و سەمەرە بوونی نەتەوە و دەگمەنبوونی نەتەوە، بە هەر دوو تێگەی مۆدێرنیستی یان پریمۆردیالیستی خۆی بە ئەفسوناوی ئەکات و شەرعیەتی زانستی پێ ئەبەخشێت. ئەمە وا ئەکات مێژوو وەک زانستێکی دامەزراوە لە سەر بنەمای فەکت و بەڵگاندن، وەک گێڕانەوەیەک بێتە ناو پانتای سیاسەت و ببێتە ئامرازی شەرعیەت بەخشین بە پرسی سەرەوەری سیاسی لە ناو سنورێکی گرێبەست. بەڵام لە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی[1] مۆدێرندا، ئەوە تەنیا سیاسەتەکانی ئەمێستاکە نین ڕابردوو بونیات دەنێن، بەڵکوو مێژوونوسیش[2] لە ڕێگای نوێکردنەوەی کولتوری سیاسی و ڕوونان و هەڵبژاردنی هەندێک لە گرتە و وێناکانی ڕابردوو، بە گێڕانەوەی تایبەتیانەی خۆی سەبارەت بە دیرۆک، ئەرکی بە فەرمی ناساندنی رژێم و شەرعیەت بەخشینی دەسەڵات دەگرێتە ئەستۆی خۆی. پەیوەست بە ڕابردووی راستەقینە یان خەیاڵکرد، گرێدان بە باو و باپیرانی راستەقینە یان تەنانەت دەستکرد، گشتیان بە مەبەستی وەدیهێنانی پەیوندیێکی گرینگ و جیا نەکراوە لەگەڵ ئەو ڕابردوویەن کە دەتوانێ قەڵشتی نێوان واقیع و سەرچاوە پڕ بکاتەوە و گشت ئەمانە لەناو ئەجێندایێکی مێژوو نوسینەوەدا بگونجێنی یان بە سیاسی بکات.**

**لە پرۆسەی دروستبونی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێراندا و بە تایبەت لە سەردەمی پەهلەوی یەکەم و دووهەم، مێژوو نووسیی ئێرانی بۆ ڕوونانی دیرۆکێکی پەیوەست بە نەتەوە-دەوڵەتێکی نوێ لە رێگای گێڕانەوە، سێ میکانیزمی وەبیرهینانەوە، لەبیربردنەوە و داهێنان-ی بەکارهێنا. بەم پێشگریمانەیە، ئەم وتارە بە کێشانەوەی ئاسۆی سەرەکی مێژوو نووسیی لە ئێران و تیۆری ناسیۆنالیزمی بێ شوێنکراو لە دەسپێکدا هەوڵ ئەدات واقیعی ئەم سێ ڕەوتە لە ڕەوتی مێژوونووسی و نوسینەوەی مێژوو لە ئێران بە مەبەستی وەدەستهێنانی سەرەوەری سیاسی شی بکاتەوە و دواتر بە گرینگی پێدانی کتێبی کرد و پیوستگی نژادی لە نوسینی ڕەشید یاسمی هەوڵ ئەدا لە ڕێگای میتۆدێکی ناوڕێچکەیی[3] ئەم پرسیارە وەڵام بداتەوە؛ لە رەوتی نوسینەوەی دیرۆک لەم سەردەمەدا، مێژووی کورد لە سەر بنەمای کامە میکانیزمەکانی هیستوریۆگرافی و بە چ مەبەستێک شێوێنراوە؟ لە ئاکامدا ئەم وتارە پێیوایە پرۆژەی مێژوونوسی پرۆژەیەکی تەواو سیاسیە و وەک بەردی بناخەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، ناتوانێ وەک زانستێکی بێلایەن سەیر بکرێت، بۆیە لە خوێندنەوە نوێیەکاندا پرۆژەی مێژوو نوسینەوە وەک گێڕانەوەیەک سەیر دەکرێ لە پێناو ڕوونانی سەروەری سیاسی.**

***وشە سەرەکییەکان:*** ناسیۆنالیزم، ئایدۆلۆژیا،هیستۆریۆگرافی مۆدێرن ، نەتەوەخوازیی بێ شوێنکراو

## دەسپێک

بە پێچەوانەی زۆر ئایدۆلۆژیایتر نەتەوە و نەتەوەخوازی پڕ مشتومڕترین و پڕ کێشەترین دەستەواژەکانی قاموسی سیاسەتن. چۆنیەتی تێگەیشتن لە روخساری ژانوسی نەتەوە، واتە تایبەتمەندییە هاوکات نوێ و کۆنەکانی سیمای نەتەوە، نەتەوە خوازی و شەرعیەتی سیاسی بۆ وەدەستهێنانی سەروەری سیاسی، وایکردووە ناسیونالیسم وەک ئایدولۆژیایێکی پارادوکسیکال

* دکتۆرا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.

ah.haji@gmail.com

بێتە بەرچاو. بە هۆی ئەوەی کە لە لایەکەوە نەتەوە وەک بەرهەمی چاخی مۆدێرن دەخوێنرێتەوە و لە لایەکیتریشەوە سەبارەت بە چاخی کۆن و پێش مۆدێرن، نەتەوە لە رێگای سیاسەتی دیرۆکی خۆیەوە توانای ئەوەی هەیە بۆ مەبەستی سیاسی ئەفسانەی تایبەت بە خۆی بخولقێنێ و نوێبوونی خۆی بشارێتەوە؛ واتە هەبوونی خۆی بگەڕێنێتەوە ناو قوڵاییەکانی مێژوو و ئەفسانە. ئەم دوو لایەنە پارادۆکسەی نەتەوە و نەتەوەخوازی و گرێدراو بوونی ئەم دووە، وایکردوە نەتەوەخوازی ببێتە مژاریکی جێگای مشت و مڕ و لە سەر لایەنە جیاوازەکان و شێوازەکانی دەرکەوتنی نەتەوە لە پانتای سیاسی کۆدەنگییەک لەئارادا نەبی. ئەم رەوتە گشتیە سەبارەت بە پێناسەکردنی دوو چەمکی نەتەوە و نەتەوەخوازی و زۆر جار جێگۆرکێ کردنی ئەم دووە لە گەڵ چەمکی دەوڵەت وایکردوە هەر دەوڵەتێک پەیوەست بە ئایدۆلۆژیا، شەرعیەتی سیاسی و ئەتنیکێکی تایبەت، سیاسەتێکی تایبەتی خۆی سەبارەت بە نوسینەوەی مێژوو بگرێتە بەر کە خۆی دەخزێنێتە ناو ناسیۆنالیزمێکی مێتودۆلۆژیکال.[4]

هەر لە سەر ئەم بنەمایە، کاکڵی پرسیارێکی شاراوە لێرەدا خۆی حەشار داوە و رەنگە تەواوی ئەم وتارەش هەر لە سەر بنەمای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دارێژرابێ، ئاخۆ گێرانەوەی مێژوو لە لایەن دیرۆکنوسان راڤەی رابردووە یان وەڵامدانەوەیەک بۆ پێداویستیەکانی ئەمرۆکە؟

لە رەوتی دروستکردنی نەتەوە-دەوڵەت هەر بە تەنیا سیاسەتەکانی ئەمێستاکە پرسی سیاسەت و شەرعیەتی سیاسیان وەڵام نەداوەتەوە، بەڵکو مێژوو نوسی[5] -ش بە هۆی سەرلەنوێ رازاندنەوەی کولتورێکی سیاسی لە رێگای گوڵبژێرکردنی بیروەرییەکان و خوڵقاندنەوەی رابردوییێکی تایبە یان تەفسیری نوێ لە رابردوو، کەوتۆتە خزمەتی بەفەرمی ناساندنی دەسەڵاتێک یان شەرعیەت بەخشینی دەسەڵاتێکتر. ئەمە بە درێژایی مێژووی مۆدێرن لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بە پاڵپشتی نوسینەوەی مێژوو بە روانگەی ئایدۆلۆژیایێکی تایبەت بە هەر سەردەم و دەسەڵاتێک روویداوە و هەر بۆیە، دروستکردنی سۆزی عاتیفی بۆ باو باپیرانی درۆیین یان راستەقینە و تەنانەت دروستکردنی بەڵگە لە پرۆسەی راگوازتنی جوگرافیایێک بۆ پێکهێنانی ناسنامەیێکی نەتەوەیی یان سەروەری سیاسی نەتەوە-دەوڵەتێک، شتێکی دەگمەن و سەیر و سەمەرە نەبووە. ئەم رەوتە بۆ پێکهێنانی پەیوەندیێکی گرینگ و نەپچڕاوە سەبارەت بە فۆرم بەخشینی رابردووی وڵاتێکەوە کە دەتوانێ قەڵشتی نێوان ئاخێزگەکان و ئەمری واقیع پڕ بکاتەوە بەردەوام بەشێک بووە لە ئاجێندای هیستۆریۆیگرافی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم گریمانە ئاماژە پێکراوە، لەم وتارەدا هەوڵ ئەدرێت ئاورێک لە رۆڵی هیستۆریۆگرافی ئێرانی لەسەردەمی هەر دوو پەهلەوی یەکەم و دووهەم و کاریگەری ئەم مێژوونوسیە لەسەر مێژوو نوسی کورد لە ئێران بدرێتەوە. گرینگی کرانەوەی ئەم مژارە لەوەدایە هیستۆریوگرافی لە سەرەتاکانی بێچمگرتنی چەمکی نەتەوەی مۆدێرن کە لە ماوەی پرۆسەی نەتەوە-سازی لە ئەمەریکا و فەرەنساوە سەریان هەڵدا لەگەڵ پرۆسەی نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزم پەیوەندیێکی چڕوپڕی هەبوە و ئەم پەیوەندییە تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتانی ئەوروپییەوە نەماوەتەوە و دوابەدوای ماوەیەکی کەمەوە، ئاودیوی رۆژهەڵاتی ناڤینیش بووەو رۆڵێکی بەرفرەی لە شەرعیەت پێدان و شەرعیەت سەندنەوەی نەتەوەکان، ئاسیمیلاسیۆنی زمانی، کولتوری و سیاسی هەندێک نەتەوەی ترا گێراوە.

هەر لە سەر ئەم بنەمایە، نوسەر بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی هیستۆریۆگرافی و ناسیۆنالیزم لەم وتارە، لە یەکەم بەشدا ئاماژەیێکی کورت ئەکاتە سەر پەیوەندییەکانی مێژوو-مێژوونوسی و ناسیۆنالیزم. گرینگی لایەنی تیۆری ئەم بەشە نیشاندانی تیپۆلۆژیی ستراتێژیاکانی مێژوو بۆ پرۆژەیێکی ناسیۆنالیستیە کە دەکرێ لە هەمو شوێن-کاتێکدا جێبەجێ بکرێت. کۆتایی ئەم بەشە ئاوڕدانە وەیەکە لەسەر بێچمگرتنی هیستۆریۆگرافی و پەیوەندی ئەم لقە لە زانستی مێژوویی لە ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناڤین، ئەمە

* دکتورا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

خۆی کرانەوەی دەرگای لێدوانێکە بۆبەشی دووهەمی ئەم وتارە لە سەر مێژووی بێشوێنکراوی[6] ئێرانی و کاریگەرییەکانی ئەم دیرۆکە ناسیۆنالیستیە لەسەر شێواندن یان سەرلەنوێ گێڕانەوەی مێژوونوسی کورد لە ئێران، بە تایبەت لە سەردەمی هەر دوو پاشای پەهلەوی-دا.

کاریگەرییەکانی ئەم چەشنە مێژوو نوسیە لەسەر سازکردنی شەرعیەتی سەروەری سیاسی و پێکهێنانی نەتەوە-دەوڵەتی مودێرن، ئاماژەیەکە کە لە ئێراندا کورد چۆن دەکەوێتە ژێر کاریگەری و پێداگریکردن لە سەر ئیماژێکی خەیاڵکردی دیرۆک نووسان و ڕوناکبیرانی پێش سەردەمی بزوتنەوەی مەشروتە. ئەمەش لە خۆیدا گرینگی باسەکەی سی.رایت میلز سەبارەت بەوەیکە چۆن[مێژونوسان، روناکبیران و...] لە ناو چوارچێوەی نەتەوە-دەوڵەتدا پرسی قەوارە بچوک و گەورەکان فۆرمیلە دەکەن. (W, 2000, p. 135) دەنوێنێتەوە و هاوکات بە پێی عەباس وەلی نیشانی ئەدات کە تاکو ئێستا هیچ ئایدولوژیایێک بارتەقای ناسیونالیزم پێویستی بە مێژوو نەبووە و مێژوو بۆ گێڕانەوەی ڕۆمانسیانە لە ناسیونالیسم پێویستیەکی حاشاهەڵنەگر بووە. (Redstone, 2003, p. 169).

ئەم ڕەوتە سەبارەت بە مێژووی زۆربەی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناڤین راستیەکانی پەیوەندی نێوان هیستۆریۆگرافی و ئایدۆلۆژیای نەتەوە-دەوڵەت زۆرتر دەخاتە بەرچاو. هۆکاری ئەمەش ڕەنگە ڕوون بێ؛ تەواوی وڵاتانی ئەم ناوچەیە خاوەن دەوڵەتی نوێی مۆدێرنن و ڕەنگە گەر پێشینیەی مێژووییشیان وەک ئیمپراتۆری هەبوبێ یان لە سەر پاشماوەکانی ئیمپراتۆرییە کۆنەکان بونیات نرابنەوە ئەوە دیسان ناکرێ وەک دەوڵەتی مۆدێرن دەسنیشان بکرێن کە هێڵی نەتەوە و دەوڵەت لەو سەردەمدا تەواوکەری یەکتر بووبن. هەر بۆیە ڕەوتی مێژوو نوسینەوە بە پێداگرییێکی بەرفرە لە سەر مێژووی کۆن، بە مەبەستی پێکهێنانی نەتەوە-دەوڵەتی مۆدێرن و گونجاندنی نەتەوە جیاوازەکان لەم چوارچێوەیدا، وەدەستهێنانی شەرعیەتی سیاسی دەستی داوەتە سێ ستراتیژیای وەبیرهینانەوە، لەبیربردنەوە و داهێنان.

**-ڕوانگەیەکی تیۆریک لە سەر پەیوەندییەکانی ڕابردوو-مێژوونوسی و ناسیۆنالیزم:**

بە هۆی ئەوەیکە گێڕانەوە و ئەرکدارکردنی هەڵبژاردەیەک لە دیرۆکنوسان و تێفکرینی ئەوان بۆ خوڵقاندنەوەی یان پاراستنی مێژوو بە پێی پێداویستیەکانی ئەمڕۆکەوە بێچمی گرتووە، ئەوەئێستاکەیە ڕابردوو دەنوسێتەوە، ڕابردوویەک دەخوڵقێنێ کە بە هۆی درەوشانەوەی پێداویستیەکانی ئێستاکە پێمان ئەگات. ئەمە لە خۆیدا بە واتای هەڵبژاردن و گوڵبژێر کردنی مێژوو بۆ ئامانجەکانی ئەمڕۆکەیە. لەوانەیە چەشنە کردەوەیەکی لەم ڕەنگە لە پرۆژە گشتییەکانی تایبەت بە نوسینەوەی مێژووی نەتەوەیەکدا، بە پێی خوێندنەوەیەکی تایبەتی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەڕێوە بچێ. هەر بۆیەش هیستۆریۆگرافی لە دەسپێکەوە پرۆژەیەکە بە مەبەستی خوڵقاندنی بیرەوەری گشتی و دروستکردنی سەرچاوەی شەرعیەتی سیاسی و هاوکات موبیلیزەکردنی لە پێناو کردەی سیاسی. ئەم پرۆژەیە وەک توخمێکی بەرچاو لە جومگەبەندیکردنی[7] دیسکورسی ناسیوناڵیزم ڕۆڵێکی گرینگی لە مێژووی گشت نەتەوەکاندا گێڕاوە.

هەر بۆیە ڕابردوو چ وەک درەوشانەوەی وشیاری ژیان-نەک خودی ژیان (Hannes Heer, 2008, p. 1) بووبێ یان لێکدانەوەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ چوارچێوەکانی کات (Martin, 2003, p. 177) یان وەک پێکهاتەیێکی ڕوو لە ڕابردوو بێ، ئەوە بەمانای گێڕانەوەیێکی گەرم و گوورە کە بەردەوام ڕوونراوەو بە ئەفسانەکردنێکە (Hannes Heer, 2008, p. 1) لەپێناو هێز و شەرعیەتی سیاسی؛ هەر بۆیە دەرەنجامی ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکانە و لە ناو دژایەتی و ململانێکاندا سەرچاوە ئەگرێ.

* دکتۆرا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

هیستۆریۆگرافی یان نوسینەوەی مێژوو وەک دەق، بە هۆی یارمەتیدان بۆ خولقاندن، بەکارهێنان و سەر لە نوێ پێکهێنانەوەی ئیماژەکانی ڕابردوو-نەک تەنیا لە جیهانی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان- بەڵکوو لە پانتای گشتی ژیانی مرۆڤ-دا وەک بابەتێکی سیاسی ڕۆلێکی گرینگ لە خولقاندنی نەریتەکان ئەگیرێ. بۆیە هەندێک گرتەی مێژوویی یان دەقی مێژوویی لە جێ-کاتی جیاوازدا، بە درێژایی زەمەن لە ناو سیاسەتدا وەک ڕاستی پیشان ئەدرێن و ڕۆڵی سیاسی ئەگێڕن. بە بۆچوونی هابزباوم، لەم گوشە نیگایەوە، مێژوو وەک بەشێک لە بەردی بناخەی تێگەیشتن یان ئایدۆلوژیای نەتەوە-دەوڵەت نرخێندراوە، بەڵام لە واقیعی خۆیدا، هیستۆریۆگرافی هەر ئەو بابەتە نیە وەک واقیعێکی نەگۆڕ چەقی بەستبێ، بەڵکوو زۆرتر شتێکی هەڵبژاردە و نووسراوە و وێنا بۆ کێشراوەیەو و بەهۆی کەسانێک کە دواتر ئەرکەکانیان بە جێ دەکرێ، بەگشتی دەبێ و سەقامگیر دەبێ. (M.Yavuz, 2003, p. 53) لەم ڕوانگەیەوە مێژوو نەک بۆ ئاموژگاری و ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو، بەڵکو وەک دەرەوشانەوەی ژیان، وەک لێکدانەوەیەک لە پێناو ژیان و دەسەڵات لە قاڵبی میکانیزمەکانی وەبیرهێنانەوە و لە بیر بردنەوەی بە ئەنقەست، لە پێناو خزمەت بۆ ئایدولوژیایێک وەک حەکایەت یان دیسکۆرسێک دێتە ناو جەرگەی ململانێیەکانی هێز و دەسەڵات و دەبێتە ناوەندی مشتومڕ بۆ بەرهەمهێنانی مانا.

لە سەر ئەم بەستێنە و بە تێروانینێکی سیاسی، ئیتر مێژووی نەتەوەکان، خەڵکان و گرووپەکان وەک ڕاستییەک ناخرێتە بەر چاو، بەڵکو بەردەوام، سەر لە نوێ بە شێوازێکی دیسکۆرسیڤ، لە کتێبی قوتابخانەکان و میدیاکان، لە لایەن سیاسەتڤانان و لەناو وەبیرهێنانەوەکان، یان لەڕووداوە گرینگەکان لە لایەن بەرپرسانەوە، لە لایەن خەڵکی ئاسایی سەبارەت بە چیرۆکەکانی ژیانیان دەوترێتەوە. هێزی سیاسی زۆر بە زوویی وبە شێوازێکی ڕوون لە ڕێگای حەکایەت و گێرانەوە جیاوازەکانەوە لە هەمبەریەک دێتە ناو کایە و لەم ناوەدا بژاردەکان[8]یەکێک لە حەکایەتەکان هەڵ دەبژێرن و ئەیکەن بە حەکایەتێکی ڕاستەقینە و ئاسایی لەڕابردوو. (Martin, 2003, p. 8).

جیا لەمە، لە ڕەوتی هیستۆریۆگرافیدا، بە پێی ئایدۆلۆژیا و شەرعیەتی دەسەڵات، هەر چەشنە وەبیر هێنانەوەیەک پەیوەستە بە لەبیربردنەوەیێک و هەڵبژاردنی حەکایەتێک بە مانای لەبیربرانەوەی حەکایەتەکانیترە بە ئەنقەست. نەتەوە-دەوڵەتەکان، ڕژیمەکان، کومەڵگاکان وتاکەکەسەکانیش گشتیان خەریکی فەرامۆش-کردنێکی چالاکانە ودەستێوەردانی ڕابردوو دەبن. بەم پێیە وەبیرهێنانەوە و لەبیر چوونەوە لە پەیوەندییێکی پێکەوە بەستراوە دان. واتەبە پێی فوکۆ ئەوکاتەی شێرەکان مێژووی خۆیان ئەنوسنەوە، چیرۆکی ڕاو تەنیا ڕێز لە ڕاوچی ئەگرێت.(Hansen, 2011, p. 50) هەر بۆیە لە مامەڵە کردن لەگەڵ ڕابردوو و نوسینەوەی مێژوو ناکرێ وەک خوێندنەوەیێکی ڕووت مێژوو یان ڕووداوێکی تێپەڕبوو لێک بدرێتەوە. تێرامانی نوێ لەسەر رابردوو گرێدراوی وێنا کردنی ئێستاکەو داهاتووە و ئەمە لەوانەیە ڕێگا نوێیەکانی کردنەوەیەک ڕووەو تێگەیشتن لە مێژوو و نوسینەوەی دیرۆک رەخساوتر بکات و وردبوونەوە لە سەر داهاتووش پرسیاری گرینگ سەبارەت بە بابەتی پەیوەست بە خوێندنەوەو نوسینەوەی دیرۆک ئەخولقێنێ.

بەڵام پەیوەنـدی ئـەم تێبینیـانە لەگەڵ هیستۆریۆگرافی و خاڵی پێک گەیشتنیان لـە نـاو دیسکۆرسـی ناسـیونالیزم، پێویسـتی بە وردبوونەوەیکی جیدیتر هەیە، لـە بـەر ئـەوەی کە وا دێتە بـەرچاو بـەهۆی ئـاڵوگۆڕی بنـەڕەتی، هەنـدێک پێشـگریمانەکانی پێشـو سـەبارەت بـە ناسیونالیسـم کـەوتبنە ژێـر پرسـیارەوە؛ چیتـر ناسیونالیسـم نـاکرێ پەیوەنـدی بە نەتەوە-دەوڵەتەوە هەبـێ ، بـەڵکو مرۆڤـەکان بـە هـۆی ڕابـردوو، ئـەو حەکایەتانـەی لـە ڕابـردووە درووسـتی ئەکـەن، ئـەو بیرەوەرییانـەی لـە ڕابـردوودا بـە هۆکـاری چـاپ و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن سـەر لـە نـوێ لـە ڕابـردووەوە دەی گەڕێننـەوە ئێسـتاکەی ئێمـە، ئـەو سـیمبۆلە

* دکتورا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

لەبیر كراوانەی لە گۆڕستانەكان یان لە مێژوودا دەیان هێنینەوە ناو كایەی سیاسی ئەمڕۆ، ئەو لێكدانەوە ڕۆژانەیەی لە مێژوو دەكرێ، لە پانتاییەكی گەورە و سەرتاپاگیری زەینی مرۆڤ، دیسكورسێك بەرهەمدێنێ كە لە ناویدا دەژیت و بە هۆی ئەمانەوە بیردەكاتەوە یان هەر بە هۆی ئەوانەوە، زۆر شت لە بیر دەكات. بەڵام سەرەڕای ئەوەی ڕەوتی سەرەكی زانستە سیاسییەكان لە بەكارهێنانی بیرەوەری [ و مێژوو] زۆر بە وریایی هەنگاو ئەنێت (Bell, 2003, p. 11) ئەم چەشنە تێڕوانینە خاوەن تایبەتمەندییەكی گرینگ بۆ ئێستاكەشە، لە بەر ئەوەی هیستۆریۆگرافی و دروستكردنی بیرەوەری زۆرتر پرۆسەیێكی چالاكانەی دیالێكتیكاڵە تاكو سەر لە نوێ بەرهەم هێنانەوەی ئەزموونی پێشوو. بونیاتنانەوەی سەرلە نوێ ڕابردوو لە ئێستاكە، دەلاقەیێكە رووەو داهاتوو؛ بونیاتنانەوەی ڕابردووش وەك مێژوو، بەرهەمی پەیوەندییە هاوبەشەكانی نێوان ڕووداوەكان و ئەو حەكایەتانەیە كە سەبارەت بە ڕووداوەكان پێكهاتوون.

هەر لە سەر ئەم بنەمایەیە كەسێكی وەك كنۆر[9] پێی وایە ناسیونالیسم ویستی شوناس و وەفاداری بۆ نەتەوە نیە، ناسیۆنالیزم بە تایبەت دۆخی ئایدۆلۆژیاییێكی پێكهاتووی دیرۆكیە كە مروڤ ئەتوانێ خۆی لە ناویا بدۆزێتەوە. (Malesevic, 2006, p. 28) بۆیە لە ناو بزاڤە ناسیونالیستییەكان و تەنانەت ئەو بزاڤانەی بوونە بە خاوەن دەوڵەت-یش، هانا بردن بۆ جومگەبەندییەكانی مێژووی پڕ شكۆی نەتەوەیی، دەكەوێتە ناو ناوەندی شەڕ بۆ شەرعیەت پێدانی ئایدۆلۆژیایێكی ناسیونالیستی و ڕەنگە زۆر جار لە جیلێكەوە بەرەو جیلێكیتر بگوازرێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایەیە زۆر جار گێرانەوەكانی دیرۆك یان شێوازی نوسینەوەی مێژوو هەوڵی ئەوە ئەدەن بەهۆی بەلا ڕێدا بردنی قەڵشتی نێوان ئێستا و داهاتوو، لێك نزیك كردنەوەی لایەنە جیاوازەكانی كۆمەڵگا بكەنە ئامانج. مێژوونوسی ناسیونالیستی، بە مەبەستی بونیاتنانی حەكایەتێك یان گێرانەوەیەكی تایبەت لە نەتەوە، ئەركێكی گەورەی هەیە بۆ لەناو بردن و نكوڵیكردنی توخمە نەگونجاو و نەخوازەكان. بۆ وێنە نەتەوەیێكی نوێی پۆست كۆلۆنیال[10]چیرۆكی بەسەرهاتی خۆی وەك ئیمپراتۆرییێكی كۆن ناگێڕێتەوە. نەتەوەیێكی بێ دەوڵەت ڕابردوو زۆر جیاوازتر لە مێژووی فێركراو لە قوتابخانەی دەوڵەتە باڵادەستەكانەوە ئەنوسێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی لە ژێر كاریگەری گۆڕانی لە ڕادەبەدەری دەسەڵاتدا بوون، پێویستیان بە سەقامگیر كردنی مێتودیك لە وەبیرهێنانەوەی ئەو شتانەوە هەیە كە پردێك بن لە نێوان ڕابردوو و داهاتوو. لەسەر ئەم بنەمایە چۆنیەتی وەبیرهێنانەوەی چیرۆك و حەكایەتەكان لەگەڵ چۆنیەتی وەبیرهێنانەوەی چیرۆكی نەتەوەیی تێك ئاڵاون. (Redstone, 2003, p. 170).

**-سەرەتاكانی مێژوونووسی مۆدێرن:**

هیستۆریۆگرافی لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینە سیاسیانە لە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدە و سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە دەسپێكی شۆڕشی فەرەنساوە هەنگاوی نوێی نایەوە. دوابەدوای ڕێستۆراسیۆن لە فەرەنسا و بە هۆی كاریگەربوونی بیری نەتەوەخوازی ئەڵمانی بە سەر بیری ئازادیخوازانەی فەرەنسی، نەتەوەخوازی كاریگەرییێكی بەرچاوی بەسەر توێژینەوە دیرۆكیەكانەوە وەدەست هێنا. پرەسپێكتیڤی كاسماپۆلیتیەنی سەردەمی رۆشنگەری لەم سەردەمدا جێگەی خۆی دایە داكۆكی كردن لە سەر نەتەوە، نەك لە ئەڵمانیا بەڵكو لە ئەورووپا بە گشتی. (Wang, 2013, p. 72) و مێژوونوسان و روناكبیران رۆڵێكی گرینگیان لە شەرعیەت بەخشینی ئیمپراتۆریایەكدا گێڕا كە لە خۆێن و ئاسن پێكهێنرابوو. (Stefan Berger, 1999, p. 20) ئەم ئەركەی مێژوونوسانی ئەڵمانیا وەڵامدانەوەیەك بو بۆ ئەم پرسیارە كە ئاخۆ ئەو دەوڵەتەی نەتەوەیەك پێكی دێنێت و ئەو حەكایەتەی مێژوو نوسێك ئەیگێڕیتەوە دەتوانێ وەك ڕێگاچارەی هەمان كێشەی فەرمی بێ: واتە چۆن یەكگرتوویی لەناو جیاوازی پێك بێنین؟ (Stefan Berger, 1999, p. 57) بەرسڤی ئەم پرسیارە لە ئەڵمانیا دواتر تەشەنەی كردە ناو تەواوی ڕەوتەكانی مێژوو نوسینەوە،



* دكتورا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

گوڤارا زانكویا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 34-48، 2021 (ژمارەكا تایبەت)
كونفرانسێ زانستی یێ نیڤدەولەتی یێ دووێ، پشكا مێژوو-كولیژا زانستێن مروڤایەتی-زانكویا دهوك-رێكەفتی 24-25 شوبات، 2021

واتە پێیان وابوو پێویستە هیستۆریۆگرافی لە ناو دەقی گێڕانەوەی چیرۆکی نەتەوە بەدی بێت و چیرۆکی نوێ بۆ نوسینەوەی مێژووی نەتەوەیەک بنوسرێتەوە. بە پێی ستفان بێرگر؛ چیرۆکە کۆنەکان لەناو دەچن بەڵام ڕەنگە لە تەفسیری نوێ و گەورەترا، جێگایەکیان بۆ تەرخان بکرێت. (Stefan Berger, 1999, p. 57)

ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش لە سەدەی بیستەم بە دواوە دوو هێڵی لە نوسینەوەی مێژوو بە خۆوە بینی. یەکەم؛ باڵاکردنی لەڕادەبەدەری ژانری مێژووی نەتەوەیی و دووهەم؛ پیشەییبونی لێکۆڵینەوەی دیرۆکی و پەروەردەکردنی دیرۆک. هەر دوو دیاردەش تا رادەیەکی بەرچاو دەرەنجامی کاریگەری ئەوروپیەکان بە سەر رۆژهەڵاتی ناڤین لە لایەک و لەلایەکیتریشەوە، پەرچەکردارێک لە هەمبەر ئەمپریالیزمی رۆژئاوا بوون. هەر بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەکرێ ڕەوتی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم لە سەر نوسینەوەی مێژوو لە سەر دەمی عورابی پاشاوە لە میسر ببینرێت کە ئەمە وەک چەکێکی کاریگەر بۆ موسوڵمانەکان و گەلانی نا-ڕۆژئاوایی بە گشتی- بۆ شەڕ کردن و گوشار خستنە سەر کۆلۆنیالیزم وئیمپریالیزم (Wang, 2013, p. 194) سەیر ئەکرا. ئەمە دەرەنجامی ئەو تێگەیشتنە بوو کە پێکهێنانی نەتەوە-دەوڵەتێک و کێشانەوەی سنورەکانی و هەر وەها نەتەوەییکردنی بەرهەمی کولتوری و دیسکۆرسی دیرۆکی وەک پیویستەیەک وایە. لە عوسمانی، مەدرەسەی مولکیە [11] لە لایەن موراد بەگ (١٩١٢-؟) ڕێبەری داهاتوی تورکە لاوەکان و عەبدولرەحمان شەرەف دوایین مێژوونوسی ئیمپریکاڵ و کەسایەتی سەردەمی ڕاگوازتنەوە و وەدیار کەوتنی دیرۆک نوسی عوسمانی-تورک دامەزرا. (Wang, 2013, p. 196) و لە ئیرانیش پێداچونەوە و تێفکرین لەسەر مێژووی کۆن دەستی پێکرد.

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە بە دواوە هەوڵدانی لەم شێوەیە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناڤین نیشاندەری ڕاگوازتنێکی سیاسی لە هزریی سیاسی دەسەڵاتداران و ئیلیتەکانی ئەم ناوچەیەش بوون و بە نزیکبوونەوە لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم ناسیۆنالیستەکانی ئەم ئیمپڕاتۆرییە پشتیان لە مێژووی عوسمانی کرد و ماوەیەکی کەم دوای شەڕ، نەتەوەکانیتریش وەک کوردەکان، عێراقیەکان، تونسییەکان و لوبنانیەکان بە مەبەستی پێکهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی جیاوازی خۆیان هەوڵیاندا ڕیشەی وڵاتەکانی خۆیان بۆ ڕابردویەکی زۆر دوور ببەنە دواوە. هەر لەم ماوەیەدا دیرۆکنوسانی عێراقی رابردووی ئاشوریی خۆیان دۆزییەوە، تونسییەکان ڕابردووی پڕ شکۆی کارتاژی خۆیان سەر لە نوێ دۆزییەوە و لوبنانیەکانیش کارجوانی و هونەری فینیقیەکانیان (Wang, 2013, p. 207) بۆ خۆیان زیندوو کردەوە. لە ئێرانیشدا هەوڵی نوسینەوەی مێژوو بە مەبەستی پێکهێنانی نەتەوە-دەوڵەتێکی هاوچەشن کە ڕیشەکانی بگەڕێتەوە ٢٥٠٠ ساڵ پێش دەستی پێکرد.

**-هەوڵدان بۆ نوسینەوەی نەتەوەخوازیی بێ شوێنکراو[12] لە ئێران:**

لە ئێرانیش، لە ژێر کارتێکەری ناسینی ڕوژئاوا، شکستە بەردەوامەکانی ئێرانیەکان لە هەمبەر سوپای روسیا و ناکارامەیی قاجارەکان، بەشێک لە ئیلیت و بژاردەی کۆمەڵگای سیاسی-کولتوری ئێران بۆ پێکهێنانی مێژوویێکی نەتەوەیی، وەک هاوپیشەکانی تریان لە جێگاکانیتر و بە تایبەت لە ئەڵمانیا، وەک پارادیمێکی بەربڵاوی نواندنی ناسیونالیسم، مێژوو سەر لە نوێ نوسرایەوەو لێکدانەوەی بۆ کراو و ڕابردوویێکی دوور لە مانای نەتەوە - دەوڵەت گوازرایەوە ناو دیسکۆرسی سیاسی نەتەوە-دەوڵەتی مۆدێرن. لە ساڵانی دووری پێش بزوتنەوەی دەستورخوازی (مەشروتە) نە مێژوویەکی نوسراوە بە روانگەی مۆدێرنەوە بوونی هەبوو و نە ئێرانی پێش ئیسلام دەناسرا و نە لەناو دەقە دیرۆکیەکاندا نەتەوەیەک لە ژێر ناوی نەتەوەی ئێرانی بوونی هەبوو. بەڵام لە نیوەی دووهەمی سەدەی ١٩ بە دواوە چەشنە مێژوو نوسینەوەیەک لە لایەن بەشێک لە ئیلیتی سێکیۆلاری ئێرانی و بە تایبەت کەسانێکی وەک ئاخوندزادە (١٨١٢-١٨٧٨) و ئاقاخان کرمانی

* دکتورا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.

ah.haji@gmail.com

(١٨٥٤-١٨٩٧) گەشەی بە خۆوە بینی کە دواتر وەک بەشێکی باوەڕپێکراوی مێژووی ئێران ئەناسرێت و دێتە ناوئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەتیشەوە. ئەم مێژووە بە بەردەوامی لە پانتای سیاسی ئێراندا وەک ئایدۆلۆژیایەک، تەنانەت لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامیش دا بوونی خۆی پەرە پێداوە و زۆر جار وەک ئەلتەرناتیفی دەسەڵاتی ئیسلامیش خۆی نواندوە.

بە پێی ئەم هیستۆریۆگرافیە کە لە لایەن کەسانێکی وەک زیا ئیبراهیمی لە ژێر ناوی Dislocative nationalism پێناسەی بۆ کراوە و هیچ پێشینیەکێ پێشوتری نەبوە، چەمک گەلێکی وەک ئێران-ڕەگەزی ئاری، لە ڕەوتی هەڵبژاردنی ئەپیزۆدە مێژووییەکان، لەڕێگای خوڵقاندن، وەبیرهێنانەوە و و داهێنانی مێژوو بۆ مەبەستێکی سیاسی خوڵقاوە. لە سەر بنەمای ئەم تیۆرە بێ شوێنکردن بە واتای کردەوەیەکە لەناو زەینی مێژوونوس یان ڕوناکبیرێک ڕو ئەدا و ئێران لە ڕاستینەی خۆی وەک کۆمەڵگایێکی موسوڵمان دادەبڕێت و ئێرانی ئاریایی لە ئارییەکانی تر، واتە ئەوڕووپییەکان بە ڕێکەوت دادەبڕێت. (ضیاابراهیمی، 1396، ل ١٢.)

بە پێی ئەم تێڕوانینە، مێژونووسی ئێرانی بە سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی دیرۆکی کەڤنارای ئێران وەبیرهینانەوەیەکی لە ناو بیرەوەری گشتی ئێرانیەکاندا پێکهێناو هاوکات بۆ پاڵپشتیکردن لە دامەزرانی دەوڵەتێکی بەهێز، ناوەندخواز و بەگشتیکردنی حکومەت و دەسەلات، ئایدیای نەتەوەی ئاریایی خوڵقاند و پێشینەی ئیسلامیی ئەم وڵاتەشی بە مەبەستی خۆ نزیک کردنەوە لە ڕۆژئاوا بە ئەنقەست لە بیر کرد. بە پێی محەمەد تەوەکولی تەرەقی، ڕوونانی ناسنامەی مۆدێرنی ئێرانی گرێدراوی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دیرۆک و بونیاتنانەوەی زمان بوو. بە کارهێنانی نەتەوەخوازانە لە مێژووی کەڤنارای ئێران وەک تراژێدیایەک لە سەر تێگەیشتنی باڵادەستی ئیسلام وەک هێزێکی هۆکاری پێشکەتنی بەراوەژوی ئێران راوەستابوو. (Atabaki, 2009, p. 5)

بنەمای هزریی ئەم تێروانینە بۆ مێژوو کە وەک Dislocative Nationalism ناوبراوە و ڕۆڵێکی گرینگی لە تێگەیشتنی نەتەوەخوازانە لە مێژوو و سیاسەت لە ئێراندا گێڕاوە بەردەوامبوونی ئێران وەک وڵاتێک بە تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵە بوو. بۆ ئەم مەبەستە مێژوونوسی ئێران دوا بەدوای بزوتنەوەی دەستوریخوازی (مەشروتە ١٩٠٥) هەوڵی داوە لەسەر بنەمای بەرهەمەکانی ئاخوندزادە و کرمانی چەن خاڵی سەرەکی بۆ مێژووی ئێرانی بە بنەما بگرێت:

- ئێران وڵاتێکی بەردەوامی ٢٥٠٠ ساڵەی دیرۆکیە.
- پێویستە ئێران و گەورەیی ئێران لەسەردەمی زێرینی خۆی، واتە بەر لە ئیسلامەوە بناسرێت.
- ئایینی ئیسلام بەرپرسی کێشە و دارمانی ئێرانە و بە زۆری شمشێرەوە ئەم ئایینە بەسەر ئێرانیدا سەپاوە.
- ئێرانیەکان لە ڕەگەزی ئاری-ن و خزمی ئەوڕوپیەکانن.

گرینگی پێدانی سیمبولەکانی ئێرانی بەر لە ئیسلام و دروستکردنی پارادۆکسێکی بەردەوام لە نێوان ئێران و ئیسلام کە دواتر بە شێوەی ڕەگەز-تەوەری خۆی نیشان ئەدا، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە دەرفەتی خوێندنەوەی نەتەوەخوازانەی Dislocative لە مێژووی ئێران و جیاکردنەوەی ئێران لە ئیسلام برەخسێت. هەر لە سەردەمی نوسینەوەی مێژووی ئێرانی لە لایەن ئاخوندزادە و کرمانی دژایەتی لەگەڵ عەرەب، زەقکردنەوەی مێژووی کەڤنار و تێڕوانینێکی تێکەڵاو- سەبارەت بە ڕۆژئاوا وایکرد ئەم شێوەیە لە مێژوو نوسی ئێرانی مۆدێرنیزم وەک سڕینەوەی هەر چەشنە لاسار و هەڵگەڕاوەیەک لە ئێران بنرخێنێ.

هەرکام لەم خاڵانەی سەرەوە پێویستیان بە وردبینیەوە هەیە؛ بۆیە باشتروایە ئاماژە بکرێتە سەر هەوڵی ڕۆژهەڵاتناسان بۆ سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی چەمکی ئێران وەک قەوارەیەکی مۆێرنی سیاسی. رزا زیا ئیبراهیمی پێیوایە مێژوویێکی یەکپارچەی ئێرانی خۆی داهێنانێکی هیستۆریۆگرافی مۆدێرنە (ضیاابراهیمی، 1396، ل ٤١) و لە تەواوەتی سەردەمانی کەڤنارەوە بگرە تاکوو مێژووی ٨٥٠ ساڵەی دوای هێرشی عەرەبەکان هیچ قەوارەیەکی سیاسی یەکپارچەلە ژێر ناوی ئێراندا بوونی



* دکتورا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

نەبووە. بە بڕوای زیا ئیبراهیمی ئێران وەک قەوارەیەکی یەکپارچەی سیاسی بە هەوڵ و کۆششی گەڕیدەیێکی سیاسی پورتوگالی لە ژێر ناوی پێدرۆ تیشێرا (١٥٦٣-١٦٤٥؟) دەرکەوتووە لە کتێبێکی ئەم گەڕیدەیەدا دەنوسرێتەوە و ئەمەش خۆی لە ژێر کاریگەری کتێبی لۆزیاداش-ی لویز کامو(13)بووە. (ضیاابراهیمی، 1396، ل .٥٣) دەکرێ ئەم کتێبە وەک یەکەم کتێبی پرۆتۆ-ناسیۆنالیسیتی لە ئێران بناسرێت.

گەڕاندنەوەی شکۆی پێش ئیسلام بۆ ئێران دوابەدوای ئەم کتێبە گرینگە لەلایەن موحەمەد میرزای قاجار(١٧٩٩؟) لە کتێبی تذکرە السلاطین-ەوە دەست پێدەکاتەوە ,Atabaki) (2009, p. 9 هەوڵەکانی پەنجاوپێنجەمین کوڕی فەتحعلی شا، واتە جەلالەدین میرزا(١٨٧٢-١٨٢٧) بە نوسینی مێژووی ئێران لە چواربەشدا دەگاتە ئەنجام و وەک یەکەم کەس، خەیاڵکردی ئێران وەک بونەوەرێکی دیرۆکی و بەردەوام پێشکەش دەکات. لە پەرتوکی نامەی خسروان، ئێران دەبێتە قەوارەیێکی نەتەوەیی بەردەوام و بێ دابڕان و دواتر ئەم ڕوانگەیە دەبێتە نمونەیەکی هەژموون لە حەکایەتی ناسیۆنالیستی ئێران. بە پێی زیا ئیبراهیمی، سەرتاپای ئەم کتێبە پیاهەڵگوتنی ئێرانی بەر لە ئیسلامە و وەدواکەوتوویی بە هۆی هیرشی بیانیەکانەو کلیلی ژیانەوەی سەر لەنوێی ئێران، زیندوکردنەوەی شارستانیی بەر لە ئیسلامە. (ضیاابراهیمی، 1396، ل .٦٠) هەر ئەم کتێبەیە دواتر کەرەسەی سەرەکی نوسراوەکانی ئاخوندزادە و کرمانی دابین ئەکات. دوای ئەم هەوڵانە کەسانێکی وەک سێرجان مالکۆم(14) ، جۆرج راولینسن(15) ، فرێدریش شپیگڵ(16) و ئێدوارد براون(17)هێدی هێدی ئێران وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ لە ژێر سێبەری دیرۆکێکی کەڤنار و شاراوە دەردێنن.

لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ بەستێنی گۆڕانی واتای نەتەوە-ش دەست پێدەکا و مانای شاراوەی community ئەگۆڕێت و خۆی لە واتای Nation ئەوروپی نزیک ئەکاتەوە کە هەم سێکیۆلار و هەمیش مۆدێرنە. هەر لەم سەردەمەدایە ئەفسانە و سیمبولەکانی بەر لە ئیسلامیش بە مەبەستی پێکهێنانی ئێرانێکی نوێ و سەر لەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکی ملت-یان نەتەوە بەکاردەهێنرێن و پێشەنگە ناسیۆنالیستە ئێرانیەکان بە شێوازێکی باڵادەستانەوە مێژوویان وەک سەرچاوەیەکی ڕەوانبێژی(18) بەکار هێنا. .Atabaki, 2009, p) (11 ئەم لایەنەش دەرەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی ڕوناکبیرانی ئێرانی لە گەڵ جیهانی ڕۆژئاوا بوو. بەڵام بە پێچەوانەی ئەزمونی رۆژئاوا، لە ئێراندا نەتەوەخوازی مەدەنی سەری هەڵنەدا و لە چوارچێوەی نەتەوەخوازی ئەتنیکی (فارس)هەنگاوی هەڵێنایەوە.

ئەم ڕوانگەیە لە مێژوونوسی زۆرتر لە ژێر کارتێکەری هیستۆریۆگرافی ئەڵمانیدا بوو و لە ڕەنگدانەوەی بۆ سەرلەنوێ لێکدانەوە یان گێڕانەوەی مێژووی ئێران، داکۆکی لەسەر یەکپارچەیی و چەشنە دەسەڵاتخوازیێکی ڕەها ئەکردەوە. ئەمە وایکرد ئەم شێوە ڕوانینەی مێژوو، تەنیا داکۆکی لەسەر ڕەگەزی پاک و خوێنی ئێرانی بکات. ئەگەر لە مێژونوسیی ئاخوندزادە و کرمانی، عەرەبەکان وەک دژ دەردەکەوتن، شاعیرێکی وەک عارف قەزوینی دژایەتی لەگەڵ ڕەگەزی تورک-یش خستە سەر ئەم ناسیۆنالیزمە. (ضیاابراهیمی، 1396، ل . ٢٧٨) و بەم شێوازە، بیروەری گشتی ئێرانیەکانی بە روخسار بەندی کرد.

ئەم چەشنە تێروانینە خۆی خزاندە ناو مێژوو نوسی ئەکادیمی ئێرانیشەوە و کەسێکی وەک پیرنیا لەسەر داخوازی پەهلەوەی یەکەم مێژووی کەڤناری ئێرانیی نوسیوە. هەر بە پێی وتەی پیرنیا ئەم کتێبە لەسەر بنەمای زانستی ڕەگەزناسی نوسرابۆوە. واتە؛ زانستی جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان و خوێندنەوەی فۆرم و تایبەتمەندییەکانی خەڵکی گرێدراوی ئەم ڕەگەزانە. (پیرنیا، 1928، ل .٨) پیرنیا لەم کتێبەیدا لەسەر ئەم بڕوایەیە باو و باپیرانی ئارییەکان لە گەورە نیشتمانێکی کەڤنار دەژیان و لەسەر بنەمای تیۆرە باوەکانی ئەو سەردەم ئەم گەورە نیشتمانە لە سکاندیناڤیا بووە و هەر بۆیە ئەم ڕەگەزەشی وەک ڕەگەزی نۆردیک دەناساند.

*
دکتورا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

(پیرنیا، 1928، ل .٨-١٠) ئەم ڕابردووە دوورە کە لانــیکەم تــا ئەو ســەردەم لێکــۆڵینەوەی ئارکیۆلۆژیکیشــی لەســەر نەکرابــوو، ئەو دەرفەتەی بۆ مێژوونوسەکان دەستەبەر دەکرد کە ئەســپی خۆیــانی لــێ تــاو بــدەن و ویســتە ئایـدۆلۆژیکەکانیان بە مەبەسـتی کەمکـردنەوەی گرێی خۆ بە کەم زانین لە هەمبەر ئەوروپییەکان بەسەر مێژوودا بسەپێنن.

ئەم چەشنە خوێندنەوەیە لە مێژووی ئێران هێدی هێدی هەوێنی تیۆری پیلانگێری(19) لەناو خۆیدا پێکهێناو و بە هۆی ئەوەیکە ئەم هیستۆریۆگرافیە بەشێکی گەورە لە ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتیشی پێکهێنابوو، هاتە ناو سیاسەتیشەوە. کاریگەری ئەم تیورە لە ناو دیرۆک و سیاسەتدا دەگەڕێتەوە سەر هێرشی عەرەبەکان بۆ ئێران و بە دژایەتی لەگەڵ عەرەبەوە دەست پێ ئەکا و بە دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و زایۆنیزم و دوژمنانی ناوخۆیی-کەمینە نەتەوەییەکان وەک ئامرازی دژەی ئەم دوژمنە سەرەکیانە کۆتایی پێدێت. پیلانگێری بەردەوام بۆ پارچەپارچە کردنی وڵات گەورەترین کێشە و نیگەرانی ئەم چەشنە مێژونوسیەیە. ئەم هیستوریۆگرافیە دواتریش پارچەکردنی ئێران لە ساڵانی ١٩٠٧، لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم وەک نمونەیەک بۆ گێرانەوەی مێژوویی نەتەوەخوازانە (Atabaki, 2009, pp. 157-158) و ترس لە پارچە بوونی ئێران بە تێڕوانینێکی پیلانگێرانەی دوژمنان سەیر دەکات و هەر بە ئاماژە پێکردنی ئەم نمونەگەلە، هەر چەشنە ویستێک بۆ دیموکراسی و مافی نەتەوەکانیتر بە پێی تیۆری پیلانگێری، وەک دژایەتی لەگەڵ مێژووی کۆن و بەردەوامیی وڵات دادەنێ.

ئەمە وادەکات مێژوونوسی بەردەوام بە دەلالەتی سیاسی، ڕۆحێکی نەتەوەیی خەیاڵکرد و یەکگرتوو بە مەبەستی پاراستنی سنورەکان بخوڵقێنێ و هاوکات ئاگاداری ئەوەش بێت کە نەیارەکان دەتوانن یان ڕەنگە توانیبێتیان دزەیان کردبێتەوە ناو وڵات.

- **کارتێکەری ناسیۆنالیزمی بێ شوێنکراو لەسەر خوێندنەوەی مێژووی کورد لە سەردەمی پەهلەوی**

لایەنە گرینگەکانی ئەم شێوازە خوێندنەوەیە لە مێژووی ئێران وەک ئامرازی شەرعیەت بەخشینی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیای سیاسی هەر دوو پەهلەوی لە ڕێگای ئەو سێ مێکانیزمەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرابوو، خۆی خزاندە ناو خوێندنەوەی کوردەکانیش لە مێژووی کورد و ئێران. بەرهەمەکانی ڕەشید یاسمی وەک جوانترین نمونەی ئەم چەشنە تێڕوانینە و ئەم شێوازە لە سیاسەتەکانی مێژوو ئەتوانن زۆر بە ڕوونی وەڵامدەرەوەی گریمانەی ئەم وتارە بن. ڕەشید یاسمی لە کتێبێکی خۆیدا لە ژێر ناوی آموزشگاه پرورش افکار بوسیله کلیات تاریخ ، واتە قوتابخانەی ڕاهێنانی بیر لە ڕێگای گشتیاتی مێژوو، لە ڕوانگەیێکی پریمۆردیالیستیەوە باس لە بەردەوامی مێژووی ئێران ئەکات پێی وایە لە کیشوەری ئاسیادا جگە لە چین و هیندستانەوە، لە ناوەندی ئاسیاوە تاکوو ئەقیانووسی ئەتلەسی، جیهانی خاوەن شارستانیەت بە بەردەوامی لەلایەن ئێرانیەوە بەڕێوە ئەچوو؛ (یاسمی، 1318 ل .٤٠٦) و لە بەردەوامییدا باسی جوگرافیای بەرفرەی ئێران دەلکێنێتەوە بە خۆشەویستی ئێران و پێیوایە بەردەامیی ئەم مێژووە نەپساوەیەی دەزووی نەتەوە، ڕۆحێکی شاراوەی ئاسمانیە کە لە تەواوەتی تەمەنی نەتەوەی ئێمەدا بوونی هەبووە... (یاسمی، ١٣١٨، ل ٩) هەر لە سەر ئەم بنەما تێفکرینە و بە پێی کاتی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی یاسمی دەکرێ ئاماژە بکرێتە سەر بەستێنی فکری هیستۆریۆگرافی ئەو سەردەمە تایبەت لە درووستکردنی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی ئێرانی و مێژووی بێ شوێنکراوی ئێرانی؛ کە خاوەن ڕوانگەیێکی داگیرکارانە بۆ تەواوی ئەتنیکەکانیتری ناو ئەم جوگرافیایەیە.

پێداگری یاسمی لە سەر پەروەردەی دیرۆکی ئێران نیشاندەری وەک ئەڵقەیێکی گرینگ لە زنجیرەکانی پێکهێنانی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم وا ئەکا بە کرینگی پێدانی شێوازی هیستۆریۆگرافی ئەڵمانیا، وەک هێگێڵ، پێیوابێ تەواوەتی بوون ڕووەو ئازادی و هەڵبژاردن هەنگا بنێت و ڕەوشتبەرزی هەر ئەتنیکێک لەودا ببینێت کە ئازادتر بێت.(یاسمی، 1318، ل٢٨)

* دکتورا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

هەر ئەمە وادەکات بێ ئەوەی هیچ ئاماژە بە وردەکارییەکانی مێژووی ئێران بکات، حوکمێکی گشتی لەسەر بکات کە بە پێچەوانەی نەتەوەکانیتر، ڕەوتی مێژووی ئێران ڕووەو ئازادی هەنگاوی ناوە. تا ڕادەیەک بە درێژایی مێژوو، هەر ئێرانییەک ویستی بە هێزبوونی و پاک بوون و گەورەیی بووە. (یاسمی، 1318، ل .۳۲).

هەر لە سەر ئەم بنەمایە دەکرێ لایەنەکانیتری ئەم شێوازە لە هیستۆریۆگرافی و ترنجاندنی مێژووی کورد لەناو بەشێکی مێژووی ئایدۆلۆژیستی نەتەوەخوازانەی ئێرانی ئەو سەردەمدا بنوێنرێتەوە. کتێبی کرد و پیوستگیهای نژادی او- هەر وەک کتێبەکەی پێشووی یاسمی لەناو چوارچیوەی هیستۆریۆگرافی توێژەرانی ئێرانی و ئیرانۆلۆژی، هەڵگری هەمان میتۆدۆلۆژی بە مەبەستی پێکهێنانی نەتەوەیەکی هاچەشن وهاوڕەگەز بوو و لە سەر بنەمای داتاکانی ئارکیۆلۆژی ڕۆژهەڵاتناسانەی و دیرۆکی ئەوڕوپیەکان ڕاوەستاوە. ئەم بەرهەمە وەک ڕەنگدانەوەی بەشێک لە ئایدۆلۆژیای ئەو سەردەم خوازیاری خوڵقاندنی نەتەوەیەک لە ئێران بە پێی مێژوویێکی سێکیۆلار و گەڕاندنەوەی ڕیشەکانی بۆ سەردەمانی کەڤنار و لەبەرچاوگرتنی لایەنەکانی پێشکەوتن بە پێی پێوەرەکانی ڕۆژئاوایی بوو. ڕەشید یاسمی-یش بە پێی پارادایمی زاڵی لەسەر سیاسەت و هیستۆریۆگرافی ئێرانی، هەر وەک ڕوناکبیران و کەسانێکی وەک عەلی ئەسغەر حکمەت و عەلی ئەکبەر سیاسی و دەشتی و ... لە ڕێگای بەکارهێنانی سەرچاوە ویستە ڕۆژئاواییەکان، وتەبێژی فورمیلە کردنی چەمکی ئایدۆلۆژیای ئێرانی و شیکردنەوەی مێژووی کورد لە ڕێگای ناسیۆنالیزمی بێ شوێنکراوە Dislocative بوو.

ئەم تێروانینە هەر لە پێشەکی کتێبەکەی یاسمی بە ئاماژەپێکردنی ئاریان ویج- وەک وڵاتی هاوبەشی ئاریانەکان[20] - و بە ڕەگەز ئاریایی بوونی کوردانەوە دەست پێدەکا و لەسەر بنەمای توخمە ڕەگەزپەرستیەکانی ناو هیستۆریۆگرافی ئێرانی، کورد وەک تایفەیێکی نەجیب و خاوەن شەرەفی ڕەگەزیی؟؟. (یاسمی، ؟، ل .۳) و یەکێک لە لقەکانی رەگەزی ئێرانی (یاسمی، ؟، ل .۵) و بە دوور لە پەیوەندی لە گەڵ گووتی، لولوبی و کاسیەکان (یاسمی، ؟، ل . ٦) دەناسێنێ. ئاماژەپێکردن و داکۆکیکردنی یاسمی لەسەر زاراوەی ئاری-ئاریان لەم کتێبەدا، تایبەتمەندی ئارگیۆمێنتەکانی ئینتلیجێنسیای سێکیۆلاری ئەم سەردەمە تایبەتە بۆ قەرەبوو کردنەوەی چەمکێکە بۆ هاوچەشنکردنی تەواوی دانیشتوانی ئێران لە ڕووی رەگەزییەوە. هەر بۆیە ئەم تیۆرە رەگەزییە نەک لە کتێبەکەی یاسمی بەڵکوو لە کتێبەکەی مامۆستا مەردوخ و تەواوی مێژوونوسانی ئیرانییشدا دەبێتە بەردی بناخەی فۆرمێکی نوێ لە مێژوو، و خاڵی جیاکەرەوەی نێوان سەردەمی ئیسلام و پێش ئیسلام. زاراوەی ئاری جگە لەم ئەرکە گرینگە، چەشنە دژایەتیکردنێکیشە لەگەڵ عەرەب، بە پێی دژایەتیکردنی ئیسلام وەک هێزێک کە لە سەردەمانی دوور شارستانیەتی ئێرانی لەناو بردووە. هەر بۆیە لە پیشەکی ئەم کتێبەدا شەڕی شەرعیەتدان و شەرعیەت سەندنەوە لەسەر بنەمای سنورە مۆدێرنەکان لە ڕێگای هێما دیرۆکیەکانەوە دەردەکەوێ. یاسمی پێیوایە ئەوەیکە مناڵەکانی جمشید و فەرەیدوون و داریوش و.. لە باوکیان دەسێنێتەوە و ئەیاندا بە لاسیراب و ئانری داپی و ... سارگۆن یان سەعسەی کوری نزار یان عومەر-ی کوڕی مەزیقیا ئەوە دوژمنە. (یاسمی، ؟، ل .٦).

یاسمی هەر لە پێشەکی ئەم کتێبە دیرۆکیەدا، خۆی لە سیاسەتیش نزیک ئەکاتەوە و بە دەسنیشانکردنی ویستی سەربەخۆیی کوردان لە سەردەمی نوێ پێیوایە پێویستە مێژووی ڕاستەقینەی ئەم تاییفەیە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزەکەی بنوسرێتەوە... چونکە کوردەکان بۆ پاراستنی تاج و تەخت و ئاو و خاکی ئێران فیداکارییان کردوە (یاسمی، ؟، ل۱۰) هەر بۆیە ناکرێ تەنانەت بیر لەوەش بکرێتەوە کە کوردەکان بەر لە ئارییەکان هاتبنە ئەم وڵاتە. ئەم چەشنە لێدوانانەی یاسمی وەک بابەتێکی هاوتەریب لەگەڵ مێژوونوسی سەردەمی پەهلەوی وناسیۆنالیزمی بێ شوێنکراو نەک

* دکتۆرا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

بەرهەمی خوێندنەوەی مێژوی کورد بە جیا یان لەبەر چاوگرتنی جیاوازییەکان لە سەردەمانی کەڤنار، بەڵکو دەرەنجامی ڕوانگەی زاڵ سەبارەت بە پرسی ڕەگەزی ئارییە.

لە بەشەکانی یەکەم و دووهەم یاسمی هەوڵی ئەوە ئەدات پەیوەندی نێوان کورد و لولۆبیەکان و کاسیەکان و گوتیەکان ببڕێت و هاوکات دژایەتی لەگەڵ ئاشورییەکان زەق کاتەوە. ئەم تێبینیەی یاسمی لە سەر بنەمای سنورەکانی ئێران و عێراق و چەمکی رەگەز دامەزراوە و لە بەشی سێهەم هەوڵ ئەدات دەوڵەتی ماد و پارس وەک ڕاگوازتنی دەسەڵات لە ناو بنەماڵەیەکدا وێنا بکات.

لە لاپەڕەی ١٠٠-ی ئەم کتێبە بە گرینگی پێدانیکی لە رادەبەدەر لەسەر زانستی ڕەگەزناسی-کە ئەمڕۆکە لە ناو دیرۆکدا هیچ بایەخێکی پێنادرێت، بە پێێ نوسراوەکانی رەگەز ناسێکی سویسری(21) کوردەکان بە هۆی فۆرمە کەڵلەسەرەوە وەک دۆلیکۆ سێفال- سەردرێژ- سەر بە ڕەگەزی ئێرانی دادەنێت. (یاسمی، ؟، ل . ١٠١).

بە گەڕانەوە بۆیەکەم هەنگاوەکانی مێژوونوسی مۆدێرنی ئێرانی و هەوڵدان بۆ یەکپارچەکردنی رەگەز و مێژوو و زمانی ناو سنورەکانی دەوڵەتی مۆدێرن، رەشید یاسمی-ش گرینگیەکی زێدە ئەبەخشێتە زمانی فارسی و پێیوایە زمانی کوردەکانی سەرەڕای تەواوی جیاوازییەکان، سەرچاوەیان لە زمانی ئێرانی وەرگرتوە. (یاسمی، ؟، ل ١٣٤. ) سەرەڕای ئەوەیکە لێرە ڕوون نیە مەبەستی یاسمی لە زمانی ئێرانی چیە، لە هەوڵی ئەوەدایە وێکچوونی لە ڕادەبەدەری زمانی کوردی لە زمانی فارسی وەک ڕێگایەک بۆ پەراوێزخستن و گرینگ نەبوونی زمانی کوردی نیشان بدات. هەر لەسەر ئەم بنەمایە پێیوایە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان تاکوو ئەم ماوەیە لە نوسراوەکانی خۆیاندا جگە لە زمانی فارسی زمانێکی تریان بە کار نەهێناوە. وەک بەڵگەش باسی بە کار هێنانی زمانی فارسی لەناو سلێمانی دەکات و پێیوایە تا ساڵی ١٩٢١ زمانی فەرمی خوێندن فارسی بووە و تەنانەت کتێبی فارسی-یان لە قوتابخانە حکومیەکان بە کار هێناوە(یاسمی، ؟، ل ١٣٥.).

گرینگی پێدانی زمانی فارسی و باڵادەستبوونی ئەم زمانە لە لایەن یاسمی وادەکا ئەو زمانەی کە ئەوکات (مەبەست کاتی نوسینی کتێبەکەی) کوردەکان کتێبی وانەی قوتابخانەکانیان پێ نوسیوەو خوێندویانە، وشەکانی هەر فارسی یان عەرەبیە، چونکە کوردی زاراوەیەک لە زمانی فارسیە. (یاسمی، ؟، ل ١٣٥.) بۆیە لە بەشی دواترا، باسی کوردە فارسی نوسەکان ئەکا و ئەمە وەک باڵادەستبونی زمانی فارسی بەسەر زمانی کوردی دەبینێ. لە چەند جێگای تر، یاسمی باس لە خۆشەویستی شا لەلایەن کوردەکان دەکا و پێیوایە بەرەنگار بوونەوەی کوردەکان لە هەمبەر یۆنانیەکان بە واتای شا خۆشەویستی ئەوان بووە. (یاسمی، ؟، ل ١٤٨.) داکۆکیکردنی تایبەتی دەسەڵاتی پەهلەوی لە سەر زمانی فارسی یەکەم ئامرازی پێکهێنانی جەستەی نەتەوەیەک بە ناوی ئێران و دامەزراندنی وشیارییێکی نەتەوەیی بوو و زمانی فارسی لەم ناوەدا نێونجی پێک گەیشتنەوەی شکۆی کولتوری نا-فارسەکان بوو. هەر بۆیە یاسمی لە هەوڵی ئەوەدایە زمانی فارسی وەک زمان و زمانی کوردی وەک زاراوایەک پێناسە بکات.

بێگومان کتێبەکەی یاسمی زۆر لایەنی بە هێزیشی سەبارەت بە روونکردنەوەی مێژووی کورد هەیە و بە پێی خسروزادە، دەکرێ ٢ لایەنی هاوتەریب لە گەڵ مێژوو نوسی فەرمی دەسەڵات و ڕوونکردنەوەی مێژووی کوردی تیا بەدی بکرێت. (خسروزادە، 17) بەڵام بە پێی هێڵە سەرەکیەکانی مێژوونوسی و بە تایبەت تیۆریDislocative nationalism کە ئاماژەی پیکراوە، دەکری هەوڵدانی سەرەکی ئەم کتێبە لە چاپەری پینجەمدا بە ڕوونی ببینرێت؛ سەردێری ئەم بەشە لە ژێر ناونیشانی حەقیقەتی ملت-ڕاستینەی نەتەوە ئاماژە بە چەمکی مۆدێرن و سێکیۆلاری نەتەوە ئەکات کە ئێرانیەکان لە روبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەوروپیەکان فێری بوون. لە سەر ئەم بنەمایە یاسمی سەرەڕای ئەوەیکە زمان، ڕەگەز و ئایین و خوێن وەک بنەماکانی

* دکتۆرا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.

ah.haji@gmail.com

نەتەوە دەبینێ، بەڵام بە بڕوای ئەو هیچ کامیان خاڵی سەرەکی بۆ پیکهێنانی نەتەوە نین، بەڵکوو ئەمە تەنیا یەکبوونی ڕابردووی مێژووییە کە دەتوانێ تەواو کەرەوەی واتای نەتەوە بێت. (یاسمی، ؟، ل .١٤٠) هەر بۆیەش یاسمی لە دەسپێکی کتێبەکەیدا، بە گەڕانەوە بۆ دیرۆکی کەڤنار هەوڵی ئەوە ئەدا کورد بە ڕەگەزی ئاری-ئێرانی ببەستێتەوە و تەواوی پانتای جوگرافی کوردستان وەک ئێران ناو بنێت، کەچی پرسی خاکی ژێر دەسەڵات و دەسنیشان کردنی سنورەکان وەک مەودای دەسەڵاتداری و بیرۆکراسی لە چاخی کۆن مژارگەلێکن تەنیا لەسەردەمی مۆدێرنا دەکرێ خوێندنەوەی سیاسی بۆ بکرێت.

به بەراوردێکی گشتی، بەرهەمەکەی یاسمی وەک بەرهەمێکی ژێرکارتێکەری ناسیۆنالیزمی Dislocative لە تەفسیر و گێڕانەوەی سەرلەنوێی مێژووی کورد، سەرەڕای ئەوەیکە ئاماژەی کردۆتە سەر فەکتی دیرۆکی، بەڵام لایەنی ئایدۆلۆژیکی زەق و بەرچاوی پەیوەست بە پانتا و نەتەوەی ئێران، ڕەگەز، خوێن و ڕۆحی نەتەوەیی تێدایە و هەر ئەمەش وایکردووە بەرهەمەکەی یاسمی نەک وەکوو بەلارێدابردن یان شێواندن، بەڵکو گێڕانەوەیەکی تایبەت بە پێی دەسەڵات و شەرعیەت پێدانی نەتەوە-دەوڵەتێکی مۆدێرن و نوێ دەرکەوێت. بەشێکی ئەم تێفکرینەی یاسمی لە سەر بنەمای هیستۆریۆگرافی ئەڵمانی دامەزراوە، بە وەبیر هێنانەوەی تێگەیشتنی ئەڵمانی لە نەتەوە، ڕۆحی نەتەوە لە پێکهێنانی نەتەوە خاوەن ڕۆڵێکی گرینگە و یاسمی-ش پێیوایە بە ۆی ئەوەیکە ئەم ڕۆحە نەتەوەییە بە درێژایی زەمەن دروست بووەو خاوەن داهاتویەکی هاوبەش بووە، هەر بۆیە کوردەکان ئێرانین و ناکرێ لە ئێرانی بوون جیا بکرێنەوە. ئەم تێبینیەی یاسمی هەر سەرلەنوێ گێڕانەوەی تێزەکانی نۆڵدکە و فیختە-ن سەبارەت بە نەتەوە. کەچی بە پێی تیۆرەکانی ناسیۆنالیستی، نەتەوە بوون و هەست بە گرێدراوی بە نەتەوەیەک وەک ڕاپرسی ڕۆژانەیە.

## دەرەنجام

پرۆژەی هیستۆریۆگرافی بەر لە هەمو شتێک لە یەک کۆکردنەوەی بەشەکانی ڕابردوو لە ناوئێستاکە دا بە مەبەستی پێکهێنانی پرۆژەیێک بۆ داهاتووە. لەم پڕۆژەیەدا ڕابردوو چیتر بە شێوازێکی بابەتیانە لە ژیاندا نەماوە، بەڵام لە قوڵاییەکانی دیرۆکەوە، بە هۆی سێ میکانیزمی وەبیرهێنانەوە، لەبیربردنەوە و خوڵقاندن، بانگهێشتی ئەمرۆکە دەکرێتەوە و ئەم ڕابردووە ڕوونراوەیە، ساتەوەختەکانی وەرچەرخان بۆ داهاتوو ئەنەخشێنێ. هەر بۆیە پرۆژەی نوسینەوەی دیرۆک بەر لە هەمو شتێک، پرۆژەیێکی ئایدۆلۆژیکاڵە و بە پێی ناسیۆنالیزمی مێتۆدۆلۆژیکاڵەوە دەنوسرێتەوە. ڕەنگە بەلای زۆرێک لە مێژووزانان یان دیرۆک نوسانەوە، پرۆژەی هیستۆریۆگرافی وەک زانستێکی بێلایەن بێتە بەرچاو، بەڵام بێ هیچ گومانێک مێژوونوسان لە ژێر کاریگەری ئاجێندای سیاسی-دان و هەر ئەمەش وادەکات بەپێی ئایدۆلۆژیای سیاسی و ئەو دەسەڵاتەی پاڵپشتی لە پرۆژەی مێژوو نوسی ئەکات، سێ میکانیزمی ئاماژەپێکراوە بە مەبەستی شەرعیەت پێدانی پرۆسەی سیاسی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

بەهۆی کێشەی سیاسیەوە، کورد لە سەرەتای دەسپێکردنی پرۆژەی نەتەوە-دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێرانەوە (١٩٢٥) هیچ کاتێک نەیتوانیوە مێژووی خۆی بنوسێتەوە و ئەوەی لەم سەردەمە ئاماژە پیکراوەشا نوسرابێتەوە، لە ژێر کارتێکەری ناسیۆنالیزمی Dislocative بووە کە خۆی بە شێک لە ئایدۆلۆژیا و ئاپاراتوسی سیاسی دەسەڵات بووە و بەشێکی بەرفرە لە دەگەمەن بەرهەمەکانی ئەو سەردەم- وەک کتێبەکەی کورد و کوردستانی مەردوخ یان ڕەشید یاسمی- سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت بوون. گرینگی ئەم دیاردە ئایدۆلۆژیکەی زاڵ بە سەر میژوونوسی کورد لە ئێران لەو سەردەمدا، کاتێک وەدیار دەکەوێ کە تەنانەت دیسکۆرسی سیاسی کوردیش، بە هۆی ئەم هیستۆریۆگرافیە، بەشێکی بەرچاوی بەڵگاندنەکانی ناسیۆنالیزمی

*
دکتۆرا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

Dislocative-ی نەک هەر ڕەت نەکردۆتەوە بەڵکوو خۆی بە بەشێک لە نەتەوەیەک زانیوە کە لە ژێر کاریگەری ڕۆژهەڵاتناسان و خوڵقاندنی ئیماژی نەتەوەی خەیاڵکرد لە سەردەمی پێش مەشروتەوە تا سەردەمی پەهلەوی دووهەم ڕوونراوە. هەر بۆیە ئەمێستاکە بە تێپەڕبوونی مەودایەکی ٧٠ ساڵیەوە، دەکرێ هێماکانی وەدیارکەوتنی هیستۆریۆگرافیەک لەم بەشەی کوردستان ببینرێت کە بە پێی ناسیۆنالیزمی میتۆدۆلۆژیکاڵ نە تەنیا پێداچونەوەیەک بەسەر مێژووی کورد ئەکەن، بەڵکوو لە هەوڵی ئەوەدان مێژووی ئێران بە شێوازێکی جیا لەوەی پێشوو بخوێنرێتەوە.ئەم هەوڵانە سەرەڕای ئەوەیکە دەکەونە هەر هەمان چوارچێوە ئاماژە پێکراوەی بەشی تیۆری ئەم وتارە، بەڵام دەرەنجامی سیاسی بە هێزیان لە ساڵانی داهاتوودا بە نیسبەت پرسی ناسنامە لێدەکەوێتەوە. پێدەچێ لە داهاتوو کەسانیکیتر مێژوو بنوسنەوە و چیرۆکی ڕاو ئەمجارە ڕێز لە کەسانێکیتر بگرێت.

## پەراویز

[1]دکتورا لە هزری سیاسی ـئورمیە- ئێران.
[2] state building
[3]historiography
[4]Multi-disciplinary
[5]مەبەست لە ناسیۆنالیزمی مێتۆدلۆژیکال ئەویە کە دیاردە نەتەوەییەکان دەکرێنە تەوەری لێکۆڵینەوەی بایەخدانەرانە؛ هۆکارەکەشی ڕوونە؛ گرێدراوی نەتەوەیی زۆر بە توندی تێڕوانینی مرۆڤەکانی سەبارەت بە جیهان و هەر وەها چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵ خەڵکانیتر دابین دەکا. لە راستیدا سەرەڕای مەترسیە ئەکۆلۆژیک، ئابوری، تەکنەلۆژی و ئەخلاقیەکانی جیهانی ئەمڕۆ و سەرەڕای تێڕوانینە کاسمۆپۆلیتیکەکانی پەیوەست بەم مەترسیانە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ هێشتاکەش هەر نەتەوە-تەوەر ماونەتەوە، ئەم دیاردەیە کە ڕەنگە لایەنێکی سایکۆلۆژی بە هێزیشی هەبێ، وایکردوە چەمکاندنی دیاردە کۆمەڵایەتی-سیاسی و دیرۆکیەکان و هەر وەها بەڵگاندنی مژارە دیرۆکی و سیاسەکانیشیان تا رادەیێکی زۆر لە ژێر کاریگەری نەتەوە و دەوڵەکانیان دا بێ. چەشنە لێکۆڵینەوەیەکیش دەتوانێ و زۆر جاریش، بە هۆی دوور نەبوونەوە لە جیهانی کۆمەڵایەتی و ئایدیالکردنی نەتەوەیەک تووسی بەلاڕێداچون بووە. ناسیۆنالیزمی مێتۆلۆژیکاڵ بە وردی ئاماژە دەکاتە سەر ئەو خاڵە. واتە توێژەرێک بە هۆی ئەم تێڕوانینە ئۆنتۆلۆژیکالەی خۆی سەبارەت بە نەتەوەی خۆی، بە شێوازێکی دوور لە ئەنقەست نەتەوەیکەی خۆی وەک خاڵی دەسپێکی راڤە و بەڵگە هێنانەوە بخاتە ناو دەقی جیهانەوە.

[6]historiography
[7]Dislocative
[8]articulation
.[9]elite
[10]Connor
[11]Post-Colonial
[12]Mülkiye
[13]Dislocative nationalism
[14]Luciads of luis de camoes
[15]Sir John Malcolm
[16]George Rawlinson
[17]Friedrich Spiegel
[18]Edward Granville Browne
[19]rhetorical
[20]Conspiracy theory
[21]دەستەواژەی aryen بۆ یەکەم جاروەک هاوتای Aryan-ی فەرەنسی لە لایەن ئابراهام یاسێنت ئانکتیل-ی فەرەنسی لە وتاردانێکی لە ساڵی ١٧٣٦ ساز دەکرێت. ئانکتیل ariya-ی ناو ئاڤێستای لەگەڵ arioi-ی کە هیرۆدۆت بۆ ناونانی مادەکانی بەکار هینابوو تێکەڵ کرد. دواتر فرێدریش شێلێگڵ لە ساڵی ١٨١٩ ئاریایی وەک رەگەز ناساند. )ضیاابراهیمی، 1396، pp. ٢١٩-٢٢١( لەمە بە دوا ئاریایی وەک رەگەز ناساندرا و تەنانەت لە گۆڤاری ژین-یش کە لە ئەستەمبۆل دەردەچو چەن جار کورد وەک رەگەزی ئاریی ناسراوە.

## سەرچاوەکان

### 1- بە زمانی ئینگیزی:

Atabaki، T.، ed.، 2009. Iran in the 20th Century: Historiography and Political Culture. New York: I.B.Tauris & Co Ltd.
Bell، D.، ed.، 2003. Memory، Trauma and World Politics. New York: Palgrave McMillan.
Hannes Heer، W. M. A. P. R. W.، 2008. The Discursive Construction of History:Remembering the Wehrmacht’s War of Annihilation. New York: Palgrave.

* دکتورا لە هزری سیاسی ـئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com

Hansen، J. G.، 2011. media and memory. Edinburgh: Edinburg university press.

M.Yavuz، H.، 2003. Islamic Political Identity in Turkey. New York: Oxford university press.

Malesevic، S.، 2006. Identity as Ideology: Understanding Ethnicity and Nationalism. New York: Palgrave.

Martin، R. W. &. J. ed.، 2003. Re/reading the past: Critical and functional perspectives on time and value. Amsterdam: John Benjamins B.V.

Redstone، K. H. &. S. ed.، 2003. Contested past ، the politics of memory. London: Rutledge.

Stefan Berger، M. D. ،. K. P. ed.، 1999. Writing National Histories: Western Europe since 1800. London: Routledge.

Wang، G. G. I. &. Q. E.، 2013. A Global History of Modern Historiography. New York: Routledge.

W، M. C.، 2000. The Sociological Imagination. New York: Oxford University Press.

## 2- به زمانی فارسی

پیرنیا، حسن.، 1928 .*تاریخ ایران قدیم: از آغاز تا انقراض ساسانیان* .تهران: خیام.

خسروزاده، سیروان.، .نقدی بر کتاب کرد و پیوستگی تاریخی و نژادی او: اثر غلامرضا رشید یاسمی . *زریبار*، Volume 81-82، .pp. 231-238

ضیا ابراهیمی، رضا.، 1396 .*پیدایش ناسیونالیسم ایرانی: نژاد و سیاست بی جا سازی* .تهران مرکز.

یاسمی، رشید.، ؟ .*کرد و پیوستگی نژادی او* .تهران: نشریات مجمع ناشر کتاب.

یاسمی، رشید، ۱۳۱۸، سخنرانیهای آموزشگاه مرکز پرورش افکار، پرورش افکار به وسیله تاریخ، از انتشارات دبیرخانه سازمان پرورش افکار.

**إعادة كتابة التأريخ الكردي في إيران**

**(نظرة نقدية تحليلية إلى كتاب الكرد وكردستان لرشيد ياسمي)**

**الخلاصة**

**من خلال استخدام التاريخ والمصادر الثقافية وكذلك إنشاء الأمة الخيالية ، فإن القومية هي فكرة تحاول إنشاء دولة قومية والسيطرة على السيادة السياسية. القومية كأيديولوجية حديثة تعيد بناء ماضي أمة أو مجموعة في شكل سرديات بطولية وعاطفية مستندة إلى بيانات تاريخية وتسعى إلى استغلالها من أجل الشرعية السياسية. كانت محاولة اكتساب الشرعية السياسية بأشكال التاريخ جزءًا من التأريخ الحديث ، والذي يمكن رؤيته لأول مرة في التأريخ الألماني. ارتبط أسلوب التأريخ هذا من أجل الاستغلال السياسي بأساليب ذكريات الماضي والنسيان والاختراع. إن تذكر ماضي أمة ما ، وتجاهل ماضي مجموعة أخرى ، والابتكارات التاريخية من الماضي للعرق كلها كانت جزءًا من المناهج التأريخية الحديثة واكتساب الهيمنة السياسية. يمكن اتباع مثل هذا الاتجاه ، بالنظر إلى خلفية الدولة القومية الحديثة في إيران، في عملية التأريخ الإيراني الحديث من زمن رضا شاه بهلوي. من أجل بناء دولة مركزية وقوية ، احتاج الإيرانيون إلى ابتكار أفكار من شأنها أن تأخذ خلفيتهم إلى موقع بعيد وأسطوري. في هذا الاتجاه، تطلب بناء فكرة إيران تأريخًا حديثًا من شأنه أن يفرض اللغة الفارسية واللغة الفارسية على جميع سكان جغرافيا إيران. مع الأخذ في الاعتبار هذه الفرضية وتقديم نظرية القومية ، يحاول هذا البحث إعادة صياغة هذا النهج الأيديولوجي في أعمال رشيد ياسمي ، المؤرخ الكردي الإيراني.**

***الكلمات الدالة:*** القومية ، الإيديولوجيا ، التأريخ الحديث ، القومية المخلوعة.

* دكتورا له هزری سیاسی -ئورمیه- ئیران.
ah.haji@gmail.com

# RE-WRITING THE KURDISH HISTORY IN IRAN: CONSIDERING REMINISCENCE, FORGETFULNESS AND INNOVATION

(A GLANCE TO RASHID YASAMI'S BOOK; KURD AND KURDISTAN)

**AZAD HAJI AGHAYI**
Faculty of Politics, Azadi University-Tehran-Iran

## ABSTRACT

**By usage of history and cultural sources as well as the creation of the imaginary nation, nationalism is an idea that tries to the establishment of nation-state and domination of political sovereignty. Nationalism as a modern ideology reconstructs pasts of a nation or group in the form of heroic and emotional narratives based on historical data and seeks to exploit it for political legitimacy. Attempting to gain political legitimacy by history forms has been part of modern historiography, which can be seen for the first time in German historiography. This method of historiography for political exploitation has been associated with methods of reminiscence, forgetfulness, and invention. Reminiscing about the past of one nation, de-remembering about the past of another group, and historical innovations from the past of ethnicity have all been part of modern historiographical approaches and gaining political dominance. such a trend, Considering the background of the modern nation-state in Iran, can be followed in the process of modern Iranian historiography from the time of Reza Shah Pahlavi. In order to build a centralized and powerful state, the Iranians needed to come up with ideas that would take their background to a distant and legendary position. It was in this direction that the construction of the idea of Iran required modern historiography that would impose Persian and the Persian language on all the inhabitants of Iran's geography. Taking into account this premise and presenting the theory of nationalism, this article tries to recreate this ideological approach in the two works of Rashid Yasemi, the Kurdish historian in Iran.**

***KEY WORDS:*** nationalism, Ideology, Modern Historiography, Dislocative nationalism

* دکتۆرا لە هزری سیاسی -ئورمیە- ئێران.
ah.haji@gmail.com